www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 27-8-2006 3:26

# تابلۆیەک لەڕەنگی پێش هەڵوەرینی گەڵایەک.. زنجیره (8) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram



من لەوی كە غەمبار دەبم
نینۆكی پەنجەكانم دەكرۆژم
وەك چۆن لێرە تاڵەكانی قژم هەڵدەكەنم
من دەزانم نینۆك بە پەنجەی غیلمان و حۆریەكانیشە ناهێڵم

سەیركە... ئێمە كە دەگەینە ئەوساتانەی كە دەتوانین ناوی بنێین ساتەكانی خەڵوەت.. خەڵوەت بۆ وەڕست بون.. خەڵوەت بۆ بێزار بون لەوجود، سەیركە... لەوكاتانەدا ئێمە چەند بێ دەسەڵاتین.. دەسەڵاتی هیچمان نی یە، لە هاوڕێكانمان ڕانابینین ساتێك لەخەڵوەتا لەگەڵمانا بمێننەوە، لە پارچەكەی تری خۆمان ڕانابینین بە ماچێك ئەو هەموو پەڵە پەڵەی دڵمان هێواش بكاتەوە، سەیركە... ئەوكاتانە كەبێ هیواین لەهەموشتی.. كە بێ هیواین لەوەی كە كەسێك بتوانی لەناو ئەم خەڵوەتەی تۆدا خەندەیەكت بۆبكات، تەنهاو تەنها تاڵەكانی قژمان دەردەهێنین، خۆمان بەوانەوە خەریك دەكەین بەڵكو بۆ چەند ساتێك خۆمان بیرچێتەوە، وای ئێمە چەند خەریكی خۆفریودانین، ئێمە ئەم خەڵوەتەمان بەردەوامە.. من دەزانم لەوی.. لەبەهەشت كاتی دەمەوی لەو خەڵوەتانەدا تف لەبون بكەم.. تف لەهەمووشتی، لەو كاتەدا نینۆكەكانم دەكرۆژم چونكە دڵنیام تا دەگەمە ئەوی یەك تاڵ قژ بەسەرمەوە نامێنی، وای لەو مەینەتیەی كە ڕۆژێك دەبێت ئێمە موحتاجی غیلمان و حۆریەكان بین تا نینۆكێكیانمان بدەنی بیكرۆژین چونكە ئەو پەنجە كەمانەی ئێمە بەشی ئەو ڕۆژگارە بی كۆتایی و خەمە درێژانەی بەهەشت ناكات سەیركە... ئێمە چۆن لەهەموو شوێنیچ هاوڕێیەكی هەمیشەییمان هەیەو دڵی نایە بەجێمان بهێڵی، سەیركە...

بەدەم خواردنی نینۆكەكانمەوە
ترسی كۆچ كردنی پۆلە پەپولەكان دێتەوەیادم
حوزنی ئەو ڕۆژەی كە بەسەر شەقامەكانا دەڕۆیشتم و
پۆلە پەپولەكان سەفەری دەكرد
ئەو هەموو پەپولە كوژراوە لەسەر شۆستەكان كەوتبوو

بەڵی ئێمە لەوی هەر ڕۆژەو لەناو خەڵەوتێكداین، هەر ڕۆژەو بە خەمێكەوە نینۆكێكمان دەكرۆژین.. ڕۆژێك لەبەهەشتا دەچمە خەڵوەتەوە بیرم دەكەوێتەوە، كەڕۆژێك پەپولە كۆچی دەكرد... كە ڕۆژێكی سامناكبوو، ئەزانی كۆچكردنی پەپولو مانای چی؟... ئەزانی چ نهێنیەك لەدوای هەنگاوەكانی ئەوانەوەیە؟... من دەمزانی كەئەوان ڕۆیشتن ئیدی یەك لەحزە نەماوە بۆ ئارامی.. ئیتر یەك كەس نەماوە بۆ ئاشنایەتی.. یەك پارچە زەوی نەماوە بۆ مانەوە، وای.. لەو ڕۆژەدا ئەمانە بەئاشكرا هاواریان دەكرد، ئێمە چەند گەمژەین ئەوان كۆچیان كردو ئێمە ماینەوە، وای.. سەر ئەوشۆستانە چ ڕەوە پەپولەیەكی لێبوو.. چ قەرەباڵغیەكیان نابۆوە، ئەوان چەند سوربون لەسەر ئەو سەفەرە، من دەمبینین بەچاوی خۆم لەسەر ئەو شۆستانە دەكەوتن و دەمردن.. گەر زیندوش بونایەتەوە هەر سوربون

لەسەر سەفەر، ئەوان لەسەر ئەوشۆستانە بەشەكەتی دەكەوتن و لەویا دەمردن.. ئاە.. من لەورۆژەدا هەزار تفم لەخۆم دەكرد كەنەم دەتوانی برۆم و لەو ویرانەیەدا ئەمامەوە.. لەم مەملەكەتە پڕلەسامە ئەژیام.. ئەو رۆژە پەپولەیەكم لەناو دەفتەرەكانما هەڵگرت، بۆ ئەوەی كە هەرگیز ئەو پەیامەم بیر نەچێتەوە كەئێرە نیشتمانێك نیە بۆ پەپولە.. نیشتمانێك نیە بۆ ناسكی، سەیركە...

لەسەر باڵی هەریەكێكیان نوسرابوو
" لەناو هەڵوەرینی هەرگوڵێكدا... فەنتازیایەك هەیە
تەنها مردووەكان دەیبینن "

سەیركە ئەزیزم ئەو پەپولانەی كەلەسەر ئەو شۆستانە كەوتبوون بە مردوێتیش چ پەیامێكیان بۆ ئێمە بەجێهێشت، لەسەر باڵی هەریەكێك لەو پەپولە كوژراوانە دیار بوو كە ئەوان بۆچی سەفەر دەكەن... ئەوان هاواریان دەكرد و دەیان وت كاتێك گوڵێك هەڵدەوەری.. كاتێك باخچەیەك دەسوتی.. كاتێك دارستانێك ووشك دەبی.. كاتێك حەزێك دەخنكی.. كاتێك هاورێیەك هاورێ كەی لەسەرجادە ئەداتە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەوكات دەزانین جونیەكانی ئەم دیمەنانە.. فەنتازیاكانی ئەم كوشتنانە ئەوەندە شاراوەن چاوی ئاسایی ئێمە نای بینی، چاوێك دەیبینی كە چێژ لەمردن دەبینی.. چاوێك كە خاوەنەكەی زۆر لەمێژە مردووە دڵی لەناو تاوانا رەش هەڵگەراوە، سەیری ئەو نەهامەتیەكە، ئەمە چ حیكمەتێكە من دەستم سورەكەم بەخوێنی تۆ.. ئەمە چ ستاتیكایەكە پاش ئەوەی من تۆ دەكوژم پێستی تۆ هەڵدەگرم بۆ رۆژی بۆنەكان، سەیركە... ئێمە چەند پێویستیمان بەتێگەیشتن هەیە لەسەفەری پەپولەیەك.. چەند موحتاجی تێگەیشتنی ماتی پاساریەكین كە لەسەر چڵی دارتوی حەوشەكەمان دەنیشێتەوەو هیچ دەنگی لێوەنایە.. ئەوكات چاوەڕوانی هەستانی قیامەت بە.. ئەوكات بیر لەهیچ مەكەرەوە.. ئەوكات بزانە ئێمە چلەعابەیەكین بەدەستی یەكترەوە.. سەیركە... چ نەگبەتیەكە ئەو چێژە پڕ لەسەخافەتە، سەیركە...

ئەو ئێوارەیەی كە ئینجانەی سەر پەنجەرەكەمان شكا
ئیدی یەكەمین وانەی شكست فێربوین و
تەرمی كۆتا هەمین خەندەمان ناشت

لەسەر باڵی هەریەكێكیان دیارە كە ئەوانیش لەناو ئەم دنیایەی ئێمەدابوون و ئەوان یان لەداخا دڵیان تەقی و لەسەر شۆستەكان مردن.. یان ئێستا لەناو جەنگەڵێكدا خۆیان ژیان دروست دەكەن ئەوەیان ناوێت كەژیان بەملیاندا هاتبێت.. پێمان دەڵێن ئەوكاتەی لەسەر تاقی پەنجەرەكە ماڵەوە ئینجانەیەك دادەنێیت و هەرلەخۆیەوە وردو خاش دەبێت.. ئەوكاتەی گوڵدانێكت داناوەو دڵی پارچە پارچە دەبێت ئیدی لەوێوە ئەو وانانە فێردەبت كەباسی شكست دەكەن.. ئەوشكستەی گوناهە بیر لەهەستانەوە بكەیتەوە.. ئەوشكستەی حەرامە دەست بگریت بەهیچ هاورێیەكتەوە بۆ هەستانەوە، لەوی وانەكانی شكست فێردەبین، شكانی ئەو ئینجانەیە شكانی دڵی خۆت دێنێتە بەرچاو.. شكانی روحی خۆت كەبەدەست ئازیزترین كەستەوە هەڵدەوەری، ئیدی لەناو ئەو باڵەناسكانەدا ئەوەدەخوێنیتەوە كە ئێمە دەبی بچین خەندەكانمان هەڵدەینە جەهەنەمەوە.. خەندەكانمان فرێدەینە ناو ئەو كەلاوانەوە كە لەخۆمان وێرانترن.. ئێمە لەپاش چی و خەندەی چی بگرین، گەر لەدوای ئەو هەموو بەڵگەی نەهامەتیەوە خەندە بێتە سەر لێومان ئەوكات دەبی بڵێین وای كەبێزرخین.. وای لەئێمە.. وای سەیركە لەناو ئەو باڵانەدا چ ئایەتێكی تیایە ' سەیركە...